# سەرنجێک لەسەر بژاردەی دەفتەرە زیرەکەکان

## دەفتەرچەی یادداشتی زیرەک جۆری moleskin:





دەفتەری یادداشتی زیرەك جۆری (مۆلیسکین) کە قەڵەمێکی تایبەتی خۆی لەگەڵ دایە دەتوانێت ئەوەی دەینووسی یادداشتی بکات و لەخۆیدا خەزنی بکات و هەروەها دەکرێت هەر لەدەفتەرەکەوە یادداشتەکە هاوبەش بکەی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا. قەوارەکەی ٨/٥ لە ٥/٢٥ ئینج دایە. رێك وەك نۆتی بوکێکی ستاندارد.

قەڵەمەکەی تایبەتە و زیرەکە و کامێرای سەرووی سوور لە نوکەکەیدایە و جوڵە یا وێنە کێشان یا نووسینی بەکارهێنەرەکەی لەخۆیدا تۆمار دەکات و دەیکاتە دەق یا وێنەیەکی دیجیتالی.

قەڵەمەکە شەحن دەکرێتەوەو دەکرێت هەتا هەزار لاپەڕە یادداشت لەخۆیدا تۆمار بکات. بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەت بەخۆیەوە دەکرێت رەنگی بۆ دابندرێ و یادداشتەکانیش لە هەرشوێنێك مەبەستتە تۆماری بکەی.

## دەفتەری هۆشمەندی wacom bamboo slate بۆ وێنەکێشان:

ئەم نۆتی بۆکە یا دەفتەرە دیجیتالیە بژاردەیەکی باشە بۆ هونەرمەندان و ئەوانەی رۆژانە بەردەوام یادداشت دەنووسنەوە. دەفتەرە دیجیتالییەکە زۆر وەك دەفتەرێکی ئاسایی دەچێت. رێکخستنی دەفتەرەکە زۆر ئاسانە، دەتوانرێت لە رێگای microUSBیەوە شەحن بکرێتەوە. پرۆگرامێکی تایبەت بەخۆی هەر بەناوی خۆی دەتوانی دابەزێنیە سەر مۆبایل یا تەبلێتەکەت و لە رێگای بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل و تەبلێت پەیوەندی دەدەی. پاش ئەوەی کە لە نووسین یا کێشانەوەی وێنەیەك بوویەوە دەکرێت دوگمەی تایبەتی هەڵگرتن لێبدەی و ئەوکات بابەت یا وێنەکەت لە مۆبایل یا تەبلێتەکەدا خەزن دەکا.




## دەفتەری یادداشتی جۆری Wacom بۆ بیزنس مانان:


دەفتەری ناوبراو بۆ ئەوانەی بازرگان و کاری بیزنس دەکەن زۆر گونجاوە. وەك زۆر دەفتەری دیکە قەڵەمی سمارتی لەگەڵدایە. ئێوە لەسەر لاپەڕەیەکی جۆری A5ی دەنووسن و دوگمەیەك دادەگرن و نووسینەکە خەزن دەبێت. دەبێت هەژمارێکی تایبەتیش لە ماڵپەڕی دەفتەرەکەدا بکەیەوە تا نووسینەکان لەوێدا خەزن بن.

ستایلی دەفتەرەکە زۆر جوان و سەرنج راکێشە، بەرگی دەفتەرەکە شوێنێکی بۆ راگرتنی بەڵگەکان هەیە.



**تەکنەلۆژیا پێشدەکەوێ و هیچ بەربەستێکیش ناناسێ، ئەو پێشکەوتنە هەموو بوارەکانی گرتۆتەوە، تەکنەلۆژیای دیجیتالی کە راستەوخۆ پەیوەندی بە تاکەکانەوە هەر رۆژە ئامێرێکی نوێ لەو بوارەدا بەرهەم دێت.**

**دەفتەری دیجیتالی زیرەك یەکێکە لە ئامێرە دیجیتالیەکانی سەردەم. ئەم دەفترانە هەندێکیان لەبواری ستایلەوە هەر راست وەك دەفتەرێکی ئاسایی دەچن و لە چەند پەرەیەك پێکهاتوون، هەندێکیشیان وەك تەبلێتێك دەچن و تەنیا یەك پەرەن. لێرەدا سەرنجێك لەسەر بژاردەی دەفتەرە هۆشمەندە دیجیتالیەکان دەخەینەروو.**




## دەفتەری زیرەکی دیجیتالی جۆری rocketbook:

ئەم دەفتەرە بۆ ئەو کەسانە دەگونجێت کە حەز دەکەن لە بری لاپتۆپ و مۆبایل و تەبلێت...تاد هەر دەفتەری ئاسایی بەکار بێنن. دەفتەرەکە لە ستایل و شێوەدا هەروەك دەفتەرێکی ئاسایی دەچێت، بەو جیاوازییەی کە دەتوانی لاپەڕەکانی بۆ چەندین جار سوودیان لێوەربگری، بیسڕیەوە و سەرلەنوێ لەسەری بنووسییەوە. لە خوارەوەی هەر لاپەڕەیەکدا چەند ئایکۆنێك هەیە بۆ ئەوەی نووسینەکە بکەی بە دیجیتالی دەبێ پرۆگرامی Rock-etbook بکەیەوە و لاپەڕەکە سکان بکەی، ئەوکات ئۆتۆماتیکی نووسینەکان لە (کلۆد) واتە شوێنێك لە جیهانی مەجازیدا خەزن دەبن.



## دەفتەری هۆشمەند دیجیتالی جۆری :Rocketbook Wave

دەفتەری دیجیتالی ناوبراو ئەوەی یادداشتی بکەی لەسەری لە داتاگەی (کلۆد= هەوری) رادەگرێ، مەبەست لەوەیە لە شوێنێکی تایبەت لە ئینتەرنێتدا رایدەگرێ و بۆ ئەوەی کە بەکارهێنەر لە هەر شوێنێك مەبەستی بێ بتوانێ بەهۆی هەژماری تایبەتی خۆیەوە یادداشتەکانی بکاتەوە و دەستکاریان بکا.

دەفتەرچە سمارتەکە پێویست ناکات بە پاککەرەوە یا سڕەوەیەك بیسڕیەوە، بەڵکو دوای تەواو بوونی یادداشتەکان ئەگەر پێویستت پێی نەما دەتوانێ بۆ چەند چرکەیەك لە مایکرۆی بخەی و خۆی یاداشتەکان دەسڕێنەوە.

# فلاش میمۆرییەکی سەرنج ڕاکێش




فلاش میمۆری گرنگترین ئامێری ڕاگواستنی داتاکانە. ئامێرێکی بچووك، ئەرکێکی مەزن و بەکارهێنانی ئاسان.

فلاش میمۆری قەوارەیەکی بچووکی هەیە بەڵام هەڵگرتنی داتاکانی زۆرە.

لەم ماوەیەدا یەکێك لە سەرنجراکێشترین فلاش میمۆرییەکان لەلایەن Team Group خرایەڕوو.

فلاش میمۆرییەکە بە جۆری T193 ناسراوە. ئەم فلاش میمۆرییە جگە لەوە چەندین ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدا. خۆی گۆشەپێوی هەیە، جگە لەوەش موگناتیسە، گردبینی تێدایە. لە ئەلۆمینیم دروستکراوە. قەوارەی هەڵگرتنی داتاکان لەو فلاش میمۆرییەدا ١٢٨ گیگابایتە. دژە تەڕبوونە و تۆز و خۆڵی تێناچێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك دەپرسێت مۆبایلێکی نوێم کڕیوە، میمۆریم خستۆتە سەر کەچی میمۆرییەکە نایخوێنێتەوە، هۆکار چییە؟**

خوێنەری بەڕێز ئەم گرفتە ڕۆژانە بۆ زۆر کەس دێتە پێش، هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە کە میمۆرییە کۆنەکان لەگەڵ مۆبایلە نوێیەکان ناگونجێن، میمۆری لەسەر میمۆری ژمارەیەك نووسراوە ئەگەر لە ژمارە (١٠) کەمتر بێت ئەوە کێشەیە دێتەپێش.

زۆجاران بەهۆی گەرم داهاتنی مۆبایل تووشی ئەم کێشەیە دەبێت، یان بەهۆی پرۆگرامی تێکدەرەوە، بۆیە پێویستە میمۆرییەکە لەسەر کۆمپیوتەر فۆرمات بکەی.

# ڕۆبۆت و کۆرۆنا



دوای ئەوەی کە نەخۆشی ڤایرۆسی کرۆنا لە چین تەشەنەی سەند، داهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ لە چیندا، بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر لە نەخۆشخانەکان تووشی ئەم ڤایرۆسە نەبێت، ڕۆبۆتیان وەك پەرستار و چاودێری نەخۆشەکان خستە بواری خزمەتگوزارییەوە.

لە نەخۆشخانەی (هیدیان) لە پەکینی پایتەختی چین، لە ڕۆبۆتی خزمەتگوزار سوود وەردەگیرێ، کە هەم ڤایرۆسەکە ناگوازێتەوە و هەم کێشە بۆ پەرستارانی خزمەتگوزار دروست نابێت.

ڕۆبۆتەکە لەلایەن کارمەندانی نەخۆشخانەکەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. هەرکاتێك چوو بۆ بەشی ئەو نەخۆشانەی لە ژێر چاوەدێری دان، دەرمانیان بەسەردا دابەش دەکات و هەروەها تای لەش و لێدانی دڵیان دەگرێت.

لە نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشانی کرۆنا لە «ووهان»یش ڕۆبۆتێك ئەرکی پەرستاری ئەنجام دەدا کە بە (ژیائو بائو) ناسراوە.

ڕۆبۆتی ناوبراو جگە لە کاری چاودێری نەخۆشەکان، دڵنەوایی نەخۆشەکان دەداتەوە و لەگەڵیان پێدەکەنێ و هیوایان پێدەبەخشێ.




# پرۆگرامێکی گرنگ بۆ گۆڕینی فایلی ڤیدیۆیی

فۆرماتی فایلەکانی ڤیدیۆ یەکدەست نین، واتە هەموویان یەکجۆرە فۆرمات نین، بۆیە بۆ گۆڕینی فۆرماتی فایلە ڤیدیۆییەکان پێویست بە پرۆگرامێکی تایبەتە کە فۆرماتەکە بگۆڕێ. پرۆگرامی Xilisoft Video Converter یەکێك لە بەهێزترین پرۆگرامەکانی گۆڕینی فۆرماتە. بەهۆی ئەو پرۆگرامە بە ئاسانی دەتوانی گشت فۆرماتەکانی دەنگ و ڕەنگ بۆ یەکتر بگۆڕی. دەتوانی فیلمەکان مونتاژ بکەی، ئێفێکتیان لەسەر دابنێی یا ژێرنووسیان بۆ دابندرێ. دەتوانرێت فۆرماتەکانی SD و HD بۆ یەکتر بگۆڕدرێت. نەك تەنیا فۆرماتی فیلم بەڵکو وەدەکرێت فۆرماتی وێنەش بگۆڕێت. هەروەها دەتوانرێت چەندین فایل پێکە بگۆڕێت.



## ماڵپەڕێک بۆ زانیاری لەبارەی تەکنەلۆژیا

لە جیهانی ئەنتەرنێتدا بە هەزاران ماڵپەڕ هەن کە تایبەتن بە تەکنەلۆژیای نوێ، یەکێك لەم ماڵپەڕە گرنگانە ماڵپەڕی Mashable.comیە. ئەم ماڵپەڕە هەتا ئێستا شەش ملیۆن کەس لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا لایەنگریەتی. ماڵپەڕێکی گرنگە بۆ ئەوانەی هۆگری تەکنەلۆژیای نوێن. کۆمەڵێك فیلمی سەرنج ڕاکێشی تێدایە، لە بارەی دوایین زانیاری لەبارەی تەکنەلۆژیای نوێ، بۆ نموونە پرۆگرامەکان، ئامێرە نوێیەکان، دیزاین و تەکنەلۆژیە سەرنج ڕاکێشەکان. ئەم ماڵپەڕە هەتا ئێستا زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەس سەردانی کردووە.

## بڵندگۆیەکی بێ وایەر دەبێتە ریمۆتی تیڤی

هەر ڕۆژە لە بوارێکی تەکنەلۆژیادا ئامێرێکی نوێ بەرهەم دێ. لە مۆبایل و تیڤی و کۆمپیوتەرەوە بگرە تا دەگاتە کاتژمێر و سپیکەر و سەدان شتی دیکە..

چەند ساڵێکە سپیکەرە بێ وایەرەکان کەوتوونەتە بازاڕ، بەڵام سپیکەری جۆری SRS-LSR200 هەم شێواز و هەك کارکردەکەی جیاوازە. سپیکەرەکە لە ڕاستیدا وەك یاریدەدەرێکی تیڤی ماڵەوە سەیر دەکرێ، لەهەر شوێنێك بی دەنگی تیڤی بەو شوێنە دەگات و لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە ریمۆت کۆنترۆڵێك بۆ تیڤی ماڵەوە. بەهۆی ئەو سپیکەرەوە دەکرێت کەناڵەکان بگۆڕی، دەنگ زیاد و کەم بکەی و ئەوەی بە ریمۆت کۆنترۆڵ دەکرێ بەو بڵندگۆیە ئەنجامی بدەی.

سپیکەرەکە ئەگەرچی بەرهەمی کۆمپانیای سۆنییە بەڵام بۆ گشت تیڤیەك دەبێ نەك مارکەیەکی تایبەت، ئەرکی کۆنترۆڵ کردنی تیڤی لە ڕێگای وای-فایەوە نییە بەڵکو هەروەك ریمۆتێکی ئاسایی وایە. بە تەڕ بوونیش تێکناچێت و کێشی ٦٤٠ گرامە.

